مەندەلاوی و باییزی کۆیت تاوتوێی ئاوگەڕێی بازرگانی و هاندانی وەبەرهێنان لە نێوان هەردوو وڵات دەکەن

ئەمڕۆ یەکشەممە"موحسین مەندەلاوی" سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت و "تاریق عەبدوڵا فەرەج " باییزی کوەت لە عەراق،میکانیزمەکانی بەهێزکردنی ئاوگەڕێی بازرگانی و هاندانی وەبەرهێنان لە نێوان هەردوو وڵاتیان تاوتوێ کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەت لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:-ئەمڕۆ "محسین مەندەلاوی" سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەت، لە میانی دیدارەکدا لەنوسینگەی تایبەتی خۆی لەگەڵ " تاریق عەبدوڵا فەرەج " باییزی کوەت لە عەراق،دەخی گشتی هەردوو وڵات و دوایین پێشهاتەکان و پرسی ناوچەکە،و ژمارەیەک مەلەفی هاوبەش و بەرژەوەندی هەردوولایان تاوتوێکرد.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- لە کۆبوونەوەکەدا باس لە بەرزکردنەوەی ئاوگەڕێی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات و دامەزراندنی بازاڕێکی ئازاد بە گەشەپێدانی کەرتە،و هەروەها جێبەجێکردنەوە لەسەر پێویستی کارکردن بە هاندانی وەبەرهێنان لە چوارچێوەی یاساکان،جگە لە بەردەوامبوون لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لیژنە هاوبەشەکان و ئاوگەڕێکردن و سەردانی نێوان بەرپرسانی هەردوو وڵات بە چارەسەرکردنی هەندێک کێشەی هەڵپەسەردراو، و ئاوگەڕێی زانیاری ئەمنی بە کەمکردنەوەی مەترسی تیرۆر

و ماددە هەشبەرەکان.

هەر بەپێی بڕیاننامەکە لە کەبوونەوەکەدا باس لە هەبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوێیت کرا کە بڕیارە سەرەتای مانگی داهاتوو بەڕێوە بچێت.

مەندەلاوی: هیوای سەرکەوتنی بە کوێت لەم دەستکەوتە گرنگەدا خواست هەروەک خواستی خێی بە بەردەوامی پێشکەوتن و خێشگوزەرانی لە بوارە جیاوازەکاندا دەربڕی.